پێشەکی یەکی کورت :

تێک و پێکچون و لە بەر یەک هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی عێراقی دەرگایەکی ئومێد بەخشی بە سەر دڵی تاک و کۆی ئینسانی کوردی دا کردەوە . بە هیوای ئەوەی ئەمجارەیان بە سوود وەرگرتن لە شکستەکانی پێشوی دەبێتە خاوەن کیانی سیاسی خۆی , ئەویش بەپێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ .

بەڵام خەریکە وردە وردە ئەو خەونە دەکرێتە قوربانی کۆمەڵێ مەرامی حزبی . هێزە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان بوونەتە بەشێکی سەرەکی لە پێکهێنان و دروست کردنەوەی دەوڵەتی عێراقی , بەبێ ئەوەیی هیچ قسەیەکی ڕۆشن لەسەر کوردستان کرابێ .دەوڵەتی عێراق ڕۆژ بەڕۆژ سەقامگیر تر دەبێ , ئەوەتانێ پرۆژەکانی سوپای نوێێ عێراقی لەتوانەوەو پاشەکشەپێکردنی هێزەکانی سەدرو تێکشکانی گروپە ئیسلامییە توند ڕەوەکانی سێ کوچکەی سونی نشین . هێزو ئینێرژیەکی زیاتریان پێدەبەخشێ بۆ جێبەجێکردنی پەیامەکەی "غازی یاوەر" , بۆ لە خوێن گەوزانی بزوتنەوەی سەربەخۆی کوردستان . بۆیە ئێمە" ماڵپەڕی دەنگەکان" بەباشمان زانی پرسیارێک لەو بارەوە بخەینە بەردەست کۆمەڵێ لە ڕۆشنبیران و نووسەرانی گەلەکەمان .

- ***ئەمڕۆ زەمینەیەکی ڕەخساو و لەبار بۆ کورد فەراهەم بووە تا بتوانێ چارەنووسی خۆی لەجیابوونەوە و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ دیاری بکات.ئایا پێت وانیە سەرکردایەتی سیاسی کوردلە پێناو بەرژەوەندی حیزبی و بنەماڵەیی ڕێگرە لەبەردەم ئەم خواستەی کورد و خەریکە ئەم دەرفەتە لەدەست ئەدرێ.بەبڕوای تۆ چ هەنگاوێك پێویستە(چ بکرێت باشە) تا کەڵك لەم دەرفەتە مێژوویی یە وەرگرین؟***

## پێویستە کار بۆ ئەوە بکەین خەڵکی کوردستان بەفراوانی بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی عێراق بکەن لە پێناو هێنانەوەی کەرکوك‌و ناوچەکان تر

**جەمال پیرە**

لەبەر ئەوەی مانای چەمکە سیاسیی‌و کۆمەڵایەتییەکان مانایەك نین جێگیربن‌و لە شوێنی خۆیاندا چەقببەستێ ، لەبەر ئەوەی هاتنە ئارای هەر زەمینەیەکی رەخساو پەیوەندی بەهەڵومەرجی سیاسیی‌و ئابوری‌وکۆمەڵایەتی لەبار هەیە، هەرگیز ناتوانین بە وەڵامێکی لێبڕاوانەو کورت وەڵامی پرسیارگەلێکی لەم شێوەیە بدەینەوە، قسەکردن لەسەر پێکهێنانی دەوڵەت بەبڕوای من بۆ تەیموری رۆژهەڵات‌و کوردستان‌و وڵاتانی یەکێتی شورەوی پێشووو یۆگوسلافیاو هتد..بەیەك واتای راڤەکردنی سیاسیانە هەڵەیەکی مەعریفیی گەورەیە، پێشتر سروشت‌و هەڵکەوتەی جوگرافیی کوردستان گەورەترین یاریدەدەری بەدەوڵەت نەبوونی کوردستان بووە، ئێستایش نغرۆبوون لەدەریای ناسیۆنالیستی‌بوون لە غیابی ئاگایی مەعریفیدا یەکێکە لەو ئاستەنگانەی کە بەردەوام نێگەتیڤانە دەکەوێتەوە، ئەوەی رۆشنبیری ناسیۆنالیستی کورد بەردەوام لەم مەسەلەیەدا دەیڵێتەوە بەمانایەك لە ماناکان هەمان ئەو هەستە خۆپەرستیانەی رۆشنبیرانی ناسیۆنالیستی عەرەب‌و تورك‌و فارسە، لە بیرمان نەچێ کە هەموو فیکرێکی ناسیۆنالیستی لە بنەڕەتدا لە سەر بناغەی رەتکردنەوەی بەرامبەرو بەپەراوێزکردنی ئەویدیدا دێتە وجود، ئەم هەستە زۆر لە سیاسییەکانی ئێمەیشی گرتۆتەوە. خەونی دەوڵەتی سەربەخۆ، خەونی هەموو کوردێکە، دەتوانم بڵێم مافێکی سەرەتایی هەر مرۆڤێکە، بەڵام ئەم باسە بەداخەوە لەسەرزەمینی واقیعدا رووبەری نییە، ئەمەش لەبەرچی‌و کێ خەتابارە؟ ئەبێ لەدەرفەتێکی تردا قسەی لەسەر بکرێت بۆ ئەوەی وەك خۆی بگات، راستییەکەی وروژاندنی ئەم مەسەلەیە لەکاتی ئێستادا زەرووەرەتێکە بەڵام بەو شێوازەی کە هەندێ لە رۆشنبیرانی ناسیۆنالیست پەیڕەوی دەکەن نـا، بەڵکو بە شێوازێك کە لەگەڵ

ئاراستەی فیکریی‌و سیاسیی باودا بگونجیٚ، من دڵنیام کە زۆربەی سیاسییەکانی ئێمە لە گەیاندنی ئەم پەیامەدا کەمتەرخەمبوون یان بێتوانان، گومانی تێدا نییە کە کێشە ناوخۆییەکانی کوردستان تا رادەیەکی زۆر کاریگەریی خراپی کردۆتە سەر قەیرانی سیاسیی کوردیی، هەوڵدان بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندیی نێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستان ئەگەر لەتوانای ئێمەیش دا نەبیٚ، ئەبیٚ بزانین کە فاکتەرێکی سەرەکیی چارەسەرکردنی کێشەکانمانە لە کوردستانی خوارووا، لە راستیدا من پێچەوانەی هەندیٚ لە برادەرانم کە پێیان وایە بۆ چارەسەریی ئەم کێشەیە دەبیٚ سەرەتا بگەڕێنەوە سەر مێژووی خۆمان بەڵام بە بڕوای من نەگەڕێینەوە سەر مێژووی سیاسی خۆمان بەڵکو دەبیٚ بگەڕێینەوەبۆ مێژووی گەلان، نموونەی دەوڵەتی سکۆتلەند نموونەیەکی شیاوە بۆ ئێستای کوردستان، لە راستیدا رابردووی ئێمە رابردوویێك نییە هەڵێنجراوی کایەیەکی سیاسیی تۆکمە بێت، راستە رابردوویێکی شۆڕشگێڕانە بووەو پڕە لە قوربانیدان ، بەڵام ئەجێندای سیاسیی کورد لەدوای روخانی سەدامی دیکتاتۆرەوە نەبیٚ نەبوو بە ئەجێندایەکی ئاکتیڤ، من پێموایە لە قۆناغی ئێستادا کە قۆناغێکی گرنگی ژیانی سیاسیی ئێمەیە، نابیٚ ماناکانی بەرژەوەندیی بشێوێنین، وەك ئەوەی کە بەشێوەیەکی وەها تەسك بیر بکەینەوە بۆ دواجار بە قازانجی ناحەزانماندا بشکێتەوە، دواتر پێویستە پڕۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە وەکو خۆی کاری لەسەر بکرێت‌و بەخەڵکی ئاشنا بکرێت، چونکە ئەوەندەی من لێی ئاگاداریبم پڕۆژەیەکە بۆ مرۆڤ لەم ناوچەیەدا بەگشتی نەك بۆ نەتەوەیەك، ئێمە دەبیٚ دەستبەرداری ئەو بۆچونە بین کە پێی وایە بیٚ بڕینی قۆناغی دەوڵەتی نەتەوەیی یەکسانبوونی ئێمە لەگەڵ نەتەوەکانی دەوروبەردا هەڵەیە، لە راستیدا من پێموایە دەکریٚ لێرەوە وەکو نەتەوەکانی تر بۆ داهاتوو سود لە هەلٚومەرجە سیاسییە نوێیەکان وەرگرین. گرنگی بەشداریکردنی فراوانی خەڵکی کوردستان لە هەڵبژاردنەکانی عێراق گرەنتی گەڕانەوەی کەرکوك‌و شاروشارۆچکەکان تری کوردستان بۆ سەر کوردستان مسۆگەرتر دەکات لەبەر ئەوەی پەرلەمانی داهاتووی عێراق ئەگەر خاوەن بڕیاری یەکلاکەرەوەی ئەم بابەتە نەبیٚ، ناوەندێکی کاریگەری بڕیارە بۆ ئەم مەسەلەیە ، بۆیە من پێموایە هەموومان کەمتەرخەمین لەوەی کە خەڵکی کورد هانبدەین بەشداری لەم هەڵبژاردنە بکەن لە پێناو ئایندەی سیاسی کورد لە پێناو ئەوەی زۆرترین نوێنەرمان لە ناوەند هەبیٚ بۆ ئەوەی ببنە بەهێزترین بەرگریکار لەناو دەسەڵاتی ناوەند دا ، ئەوەی پێی وایە ئەم قسانە دژ بە سەربەخۆی‌و جیابوونەوەن دەبیٚ بزانیٚ کە خۆی خستۆتە نێو زەلکاوێکی هەڵە و ناتوانیٚ پێشبینی ئایندەیەکی گەش بکات بۆ کورد.